# ئایا گۆڕانی کۆتاییی چارەنووسی ڕێڕەوی ئەدەبیی ڕۆمانێ دەگۆڕێ؟

عیزەت قەمحاوی (ڕۆمانووسێکی میسرییە)
لە عارەبییەوە: شاڵاو عەبدوڵڵا

لە فیلمی (سەیرتر لە خەیاڵ ـ stranger than fiction)، کارمەندی باج (Harold crick) لە گۆشەگیریی و یەکنەوایی دا دەژی، هیچ شتێک ئەم گۆمە ناشلەقێنێ، جگە لە دەنگی تارماییەک، کە فەرمانی بەسەردا دەکا. دەرک دەکا ژیانی لە نێو پەنجەکانی ڕۆماننووس (ئانا باسکال) هەڵواسراوە، ئەو ڕووداوە خەیاڵیانەی ڕۆماننووسەکە دەیانووسێ، لەڕاستییدا لەژیانی ئەودا ڕوودەدەن، پاشان ئەوە دەدۆزێتەوە، کەوا ئەم ڕۆماننووسە ناسراوە بە کوشتنی پاڵەوانەکانی لە کۆتاییی ڕۆمانەکانیدا؛ دەتۆقێ، هەوڵدەدا وێ ڕازیی بکا لە کوشتنی پەشیمان ببێتەوە، نووسەرەکە هاوسۆز دەبێ لەگەڵیدا، چارەنووسی پاڵەوانەکەی لە کۆتاییدا دەگۆڕێ، وای لێدەکا چاک ببێتەوە لەبری ئەوەی لە پاش لێدانی پاسەکە بمرێ. دڵی نووسەرەکە نەرم بوو لە بەرانبەر پاڵەوانەکەی، وەلێ ڕەخنەگر جولز هێلبرت (Dustin Hoffman)، کە کۆتا دەستنووسی

ڕۆمانەکەی خراوەتە دەستی، دڵی نەرم نەبوو؛ بەڵکو سوور بوو لەسەر پێویستی کوشتنی پاڵەوانەکە، چونکە ئەو لەو باوەڕەدایە ئەم کۆتاییە ڕۆمانەکە دەکا بە شاکارێکی نایاب لە مێژووی ئەدەب، لەکاتێکدا هەر کۆتاییەکی تر دەیکا بە ڕۆمانێک لە هەزاران ڕۆمانگەلی ئاسایی.
خەیاڵ تێکەڵ بە کۆمیدیا و دراما دەبێ لەم فیلمەدا، بەڵام ئێمە نابێ هەر بەو سووک و ساناییە وەریگرین، گریمانەی ڕەخنەگرە دڵڕەقەکە پشتگوێ بخەین. پرسیارەکە بە ڕەوایی دەمێنێتەوە: ئایا کۆتاییەک دەتوانێ ڕۆمانێک هەڵکێشێ بەرەو تۆقەڵانی ئەدەب، لەکاتێک کۆتاییەکی تر، دایکێشێ بەرەو ئاستێکی ئاسایی؟
ڕەنگە بتوانین پرسیارەکە لە داڕشتەیەکی تردا بخەینەڕوو: ئایا ساتی جوودابوونەوەی نووسەر و خوێنەر دەتوانێ لە ئاستی جوانیی ئەو گەشتە کەمبکاتەوە، کە بەیەکەوە بە درێژەی پەڕەکانی کتێبەکە کردوویانە؟
پرسیاری؛ ئەگەر خوێنەران نەپرسن، بێشک هەموو ڕۆماننووسێک لە خۆی دەپرسێ، بێشک کۆتاڕستە، مینای سەرڕستە بەشێکی گەورە داگیر دەکا لە بیرکردنەوەی ڕۆماننووس، کاتێک نووسەرێک لەسەر کۆتاییەک جێگیر دەبێ، کە تەواو دڵنیا نییە لێی، وەلێ لە پاش ئەوە، دەبێتە ڕووداوێک، کە خوێنەران لەگەڵیدا دەژین.
لەوانەیە پێگەی کۆتایی ڕۆمانەکان هاوشێوەی پێگەی ناونیشانەکانیانە، کە ڕەنگە لە خودی خۆیاندا هیچ واتایەک نەدەن بەدەستەوە، یان ڕەنگە پتر لە واتایەک بگەیەنن و بە گشت ئاڕاستەکاندا پەرش بن، وەلێ لەهەردوو باردا تەنیا پاش خوێندنەوە واتای خۆیان وەردەگرن.
(الحرافیش) یاخود (السکریة)، وەک ژمارەیەکی زۆر لە ناونیشانەکانی (نەجیب مەحفووز) وشەگەلێکن لە خودی خۆیاندا هیچ واتایەک ناگەیەنن، وەلێ دەلالەتەکانیان لە ڕۆمانەکە وەردەگرن و ڕۆمانەکە ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر ناونیشان و چیتر بێلایەن نامێننەوە. لە بەرانبەریشدا، ناونیشانێکی وەک (کۆشکی خەونەکان)ی (ئیسماعیل کاداری) بە هەموو لایەکدا سەردەکێشێ،

ناو و ئاوەڵناو پتر لەهەر شوێنێ بەرەو هەرێمەکانی شادیی ڕاپێچمان دەکا، بەر لەوەی هاوڕێیەتیی پاڵەوانی ڕۆمانەکە (مارک عەلیم) بکەین لە گەشتی پلەبەندییی کار لە دامەزراوەیەکی ترسناک، کە هەڵدەستێ بە کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی خەونەکان لە ئیمپڕاتۆریەتی پەلفراوانی عوسمانییدا، خەڵک بەشێوەیەکی توند سزا دەدرێن لەسەر ئەوەی لە خەوندا بینیویانە، چونکە خەونی جوتیارێک لە گوندێکی چەپەکی ئەلبانیا، ڕەنگە هەڕەشە بێت لەسەر چارەنووسی ئیمپڕاتۆریەتەکە!

پاش بەرەوپێشچوونێکی خێرا لە پلەبەندییی کاریی کۆشکی ترسناک، بەهۆی خاڵەکانیەوە (مارک عەلیم) لەگەڵ بنەماڵەکەی دادەڕمێ، تاکە خەونێکی خاڵی گەورەی پاڵەوانەکە، کۆتاییی بە مێژووێک لە خۆبەختکردن لەپێناو ئیمپڕاتۆریەت و نزیکبوونەوە لە سوڵتانەکانی هێنا.

ڕەنگە سەختبێ بیر لە کۆتاییەکی جوداواز بۆ (کۆشکی خەونەکان) بکەینەوە، مادام نووسەرەکەی خواستی بووە جەخت لە نموونەی ستەم بکاتەوە، لەکاتێکدا دەتوانین ئەندێشەی گەلێک لە ڕۆمانە مەزنەکان بکەین بە کۆتاگەلێکی جوداواز بە بێەوەی پەندی ڕۆمانەکە گۆڕانی بەسەردابێت.

بۆ نموونە، ئایا گەرەک بوو تۆلستۆی ئەم تێگەیە لە جوانیی و ناسکیی بکوژێت؟ ئایا (ئانا کارنینا) دەبووە شتێکی تر جگە لەوەی هەیە، ئەگەر ڕۆماننووس پاڵەوانەکەی پاڵنەدابایە بەرەو خۆکوشتن لە ژێر شەمەندەفەر؟

دەیتوانی کەمتر ڕەق بووایە، لیگەڕابا و خوێنەری لەگەڵ دایکێکی گراوی لە ساتێک لە ساتەکانی تاسەکردنی کوڕەکە، کە ناتوانێ لەگەڵیدا بێ و خۆشەویستێک بەرگە ناگرێ لەگەڵیدا بژی، ڕۆمانەکە هیچ لە بێگەردییی خۆی لەدەست نەدەدا، بەڵکو لەوانەیە پتر بێگەرد بووایە.

چی دەبوو ئەگەر (یاسوناری کاواباتا) دڵی ئاوی خواردباوە بەو خەمگینییەیماڵی (جوانخاسانی نوستوو) داگرتووە، مردنی ناڕوونی یەکێک لەو کچانەی، کە بە هۆی دەرمان خەوتنەوە لە

خـەودان نەهێنابایـە گـۆڕێ؟ ئایا کەمتر جوانتـر دەبـوو؟ ئایـا تاوانـی کوشـتنەکە هیـچ شـتێکی خستەسـەر خەمگینییـی (ئیگۆشـی) پیـر، کـە ترسـی لـە مردنـی خـۆی هەیـە؟
پێموایـە شـتێک نەدەگـۆڕا، ئەگـەر کۆتاییەکانـی ئـەم ڕۆمانـە مەزنانـە بگۆڕانایـە، چونکـی ئـەو ڕۆمانانـەی پـڕن لـە نموونـە و خەمـە بوونیـەکان، پەندەکانیـان وەک نسـێیەک بەنێـو وردەکارییەکانـی گەشـتەکە هەڵـدەکات.
هەندێـک لـە ڕۆمانـەکان لـەم تخوبـە یـان ئـەو تخوبـە کۆتاییـان دێ سـەرەڕای ئەگـەری بەردەوامبوونیـان، چ لەبـەر ئـەوەی ژمـارەی ئـەو چیرۆکانـەی لـە خـۆی دەگـرێ بەسـە بـۆ گەیاندنـی پەیامەکـەی، یاخـود لەبـەر ڕێزگرتنـی سـنووردارییەتی توانـا لـەلای نووسـەر و خوێنـەر. (نەجیب مەحفووز) دەیتوانی بێکۆتـا نەوە بە نەوە بەدوای خێزانـی (ئەسـرە سـەید ئەحمـد عەبدولجـەواد)دا بچـێ، دەیتوانـی بەردەوامبـێ لـە بەدواداچوونـی گەوزانـی تۆڕەمـەی (عاشـور ناجـی) لـە سـاویرەکانی هێـز و هەمیشـە سـەرکەوتن؛ بـە جۆرێـک پەتـای بیرچوونـەوە بڵاو دەبێتـەوە ڕێگـە لەهـەر تۆلازێ نوێ دەگـرێ پەنـد لـە چارەنووسـی پێشـووانی وەربگرێـت.
زۆرینـەی هـەرە زۆریـی ئـەو خوێنەرانـەی هۆگـری (هـەزار و یەکشـەوە)ن، هەرگیـز نەگەیشـتوونەتە کۆتاییەکـەی، هەندێکیـان بەهـۆی نەمانـی بڕسـت و هەندێکـی تریـان بەهـۆی تـرس لـەو ئەفسانەیەی: کە دەڵێ ئەوەی تەواوی بکات بە مردن سزا دەدرێت.
هەندێـک لـە خوێنـەران گرینگـی نـادەن بـە زانینـی چارەنووسـی چیرۆکـی چوارچێـوە (Frame story) و هەندێکـی تریـان لەڕێـی توێژینـەوەکان لەسـەر دەقەکـە دەیزانـن، ڕەنگـە جوانتریـن شـت تێیدا ئەوەیـە وادەنوێنـێ بێکۆتایـە، سـەرەڕای سـنووردارییەتی کات، کـە ناونیشـانەکەی (هـەزار و یەکشـەوە) ڕایدەنوێنێـت.
هەندێـک لـە ڕۆمانـەکان کەیلـن لـە جاڕزیـی. ئەوەمـان بینـی لـە یەکێـک لـە ناوێزەتریـن کۆتاییەکانـی ڕۆمانـەکان (گابرێـل گارسـیا مارکێـز)؛ کۆتاییـی (کـەس نییـە نامـە بـۆ کۆلۆنێـل بنێـرێ). هاوژینـی کۆلۆنێـل ڕژد بـوو لەسـەر پرسـیاری» چـی دەخۆییـن؟» کۆلۆنێـل

وشـەیەکی نەبینییـەوە وەڵامـی بداتـەوە، جگـە لـەم وشـە قێزەونـە: «گـوو»! کـە گوزارشـتبوو لـە بەرتەنگییـی کۆلۆنێل، کـە بـە درێژایـی شـەت و پێنـج سـاڵ، ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ، هیـچ شـتێکی نەکـردووە، بێجگـە لـە چاوەڕێکردنـی مووچـەی خانەنشـینیەکەی. ڕەنگـە بەرسـڤەکە گوزارشـت بێ لـە تووڕەیـی و ئازاری خـودی مارکێز لـە بەرەوڕووبوونـەوەی دۆخێکی بێهوودەی وەتۆدا؛ بۆیـە بـەم شـێوەیە لەنـاکاو نۆڤێـلا جوانەکـەی کۆتاییـی پێهێنـا.
ئـەو ڕۆماننووسـانەی سـەر بـە تۆڕەمـەی شکسـپیرن، هـەر بـە وشـەیەکی قێـزەون دڵیـان ئـاو ناخواتـەوە، بەڵکـو چارەنووسـگەلێکی کارەسـاتاویی بـۆ پاڵەوانەکانیـان دەنێنـەوە، لەکاتێکـدا هەندێـک لـە ڕۆماننووسـەکان، چارەنووسـێکی کەمتـر ڕەق بـۆ پاڵەوانەکانیـان دادەنێنـەوە و چارەنووسـە کارەسـاتاویەکان بـۆ خۆیـان دەهێڵنـەوە. هێمینگـوای، کـە مـردن لەڕێـی خۆکوشـتنی بـۆ خـۆی هەڵبـژارد، دەیتوانـی وا لـە ماسـیەکە بـکا، ڕاوچییـە پیرەکـە (سـانتیاگۆ) لەنـاو ببات، یاخـود بـە لێدانێکی، ماسـی قرش بیخنکێنـێ، بەڵام وای لێکرد تـا کۆتاییـی بەرگـە بگـرێ، بگاتـەوە کەنـار و شـەکەت بەهـۆی ئێسـکپەیکەری گـەورەی ئـەو ماسـییەی قرشـەکان خواردیـان.
ئەگـەر سـانتیاگۆ بمردبایـە (بەهـەر حـاڵ، لـە سـاتێکدا لـە دەرەوەی ڕۆمانەکـە هـەر دەمـرێ) ڕۆمانەکـەی دەکـردە نموونەیـەک لـە بوێرییی، ئەمـەش کـەم نییـە، بـەڵام بـە زیندوویی گەیشـتنە کەنـار بـە سـەرکەوتنێکی هێماینـەوە؛ بێمفایـە، ڕۆمانەکـەی خسـتە نێو وەچەیـەک لـەو گێڕانەوانـەی؛ لـە (گلگامێش) و (ئیلیـادە)وە درێـژ دەبێتـەوە تاکـو ( دۆن کیخۆتـە) تاکـو (مۆبـی دیـک). هێلێـک، کـە بەرجەسـتەکاری چڕووکیـی گەشـتی مرۆڤـە لەسـەر زەوی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی لەناوچـوون «بەرمەگـی خـۆی»، بێکەڵکـی بوێرییـە لـە بەرانبـەر دیکتاتۆریەتـی هۆڤیانـەی کات.
بـە گەڕانـەوە بـۆ (stranger than fiction) پێموایـە چیرۆکەکـە بەرگـەی کۆتاگەلێکی جـوداوازی دەگـرت؛ وەک ئـەوەی ڕۆماننووس هەنـگاو بـەرە کەمالیـی و تەواوەتیـی بنـێ و کارمەنـدی بـاج بکـوژێ، ئەویـش دەیتوانـی ملکەچـی چارەنووسـەکەی بێـت، یاخـود

ڕەشـوەیەک بداتـە ڕەخنەگرەکـە، تاکـو لـە بڕیارەکـەی سـووک بـکا، دەیتوانـی بـە پێـدزە بچێتـە گۆشـەی ڕۆماننووسـەکە، ناچـاری بـکا خەونگەلێکـی ببێنێتـەدی، کـە پێشـتر دونگـەی نەکردوونـە، هـەروا دەیتوانـی بیکـوژێ: لەبـری دەیـان دۆڕاو سـەربکەوێ، دۆڕاوانـی دیکتاتۆریەتـی چارەنـووس لـە ئۆدیسیۆسـەوە بگـرە، تاکـو (عاشـور ناجـی)!

سەرچاوە:

https://aawsat.com/home/article/١٢٣٩٩٤١/هل-تغيـر-النهاية-المصير-الأدبي-للروايـة؟